## "له دڵمایه"ی مامۆستا ڕەشید فەیز نەژاد

هونەرمەندی دڵسۆزی گەل و نیشتمان - مامۆستا ڕەشید فەیز نەژاد خەڵكی سەقزە، واتە لە فەیزوڵڵابەگییەكانی بەشی سەقز. هۆكاری باس كردنی لەم زنجیرە وتارەشدا ئەوەیە - كاك ڕەشید وەك ئەندامێكی بنەماڵەی گەورەی فەیزوڵڵابەگییەكان، ڕاستە لە ئارەبوغڵوی سەقز لە دایك بووە و لە سەقز خوێندوویەتی، خۆشی خۆی بە سەقزی دەزانێت و منیش هەروای دەبینم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەندامێكی تایفەی فەیزوڵڵابەگییەكانە و دیوارێك لە نێوان فەیزوڵڵابەگیی سەقز و بۆكاندا نەكشاوە، ناكرێ لەم بەشەدا چاوی لێ بپۆشرێت. بەتایبەت كە بنەمای مۆسیقای كاك ڕەشید بە گشتی هی ناوچەیەكی هاوبەشی نێوان سەقز و بۆكانە و شەقڵی هەر دوو لای بە سەرەوەیە. لەوەش زیاتر، كاك ڕەشید لەماوەی تەمەنیدا پەیوەندێكی نزیكی لەگەڵ بۆكان و هونەرمەندانی بۆكانی و خەڵكی بۆكان هەبووە و شوێنی لەسەر كارەكانیان داناوە، لەوانە، هونەرمەندان: برایم فەتاحی، حەسەن دەرزی، تاهیر خەلیلی و زۆرێكی تریش.

كتێبی "لە دڵمایە"، كۆمەڵەی نۆتە و شیعری ٥٥ گۆرانی كوردییە كە هەموویان دانراوی مامۆستا ڕەشیدن یاخود لە فۆلكلۆری كوردی وەرگیراون و مامۆستا ڕێكی خستوون، هەندێك جاریش خۆی شیعری لەسەر داناون، بۆ نموونە گۆرانی كۆنی وەك "قووڵكی بەرگەردن" (كاولێ بادینان) كە پێشتر برایانی زێ زێ ناساندوویانە و "تەیری گەرمێن" كە حەسەن زیرەك و محەمەد مامڵێ گوتوویانە، تا "هاتنەوە پێشمەرگە" - كە شیعر و ئاوازی خۆیەتی.

گرنگایەتی سەرەكی كتێبەكە، واهەیە تۆماركردنی نۆتەی میلۆدی و گۆرانییە كوردییەكانە و ئەوە بۆ مێژووی مۆسیقای كوردی خاوەن بایەخی تایبەتە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو كتێبانەی وا سەبارەت بە هونەرمەندانی گۆرانی بێژی كورد نووسراون، تەنیا هەڵبەستی گۆرانی و مەقامەكانیانی تێدا تۆمار كراوە و لایەنی مۆسیقاییەكەیان پشت گوێ خراوە.

كتێبەكە، ڕێزدار عەلی عابدی ئامادەی كردوە - كە خۆی هونەرمەندە و كتێبێكی بە ناوی "بە تەنیا جێم مەهێڵن" سەبارەت بە كارە هونەرییەكانی خۆی نووسیوە. هونەرمەندان عەزیز شاڕوخ، ڕەسووڵ میرزاپوور، محەمەد ناهید و ڕەحیم لوقمانی سەرەتایان بۆ كتێبەكە نووسیوە. كاك ڕەحیم سەبارەت بە مامۆستا ڕەشید دەنووسێت : "كاك ڕەشیدی فەیز نەژاد هونەرمەندێكی گەل دۆست و دروست و تا بڵێی پەنجە كوردی و دەنگ خۆشە" (لاپەڕە ١٧). كاك عەزیزیش دەنووسێت : "لە ماوەی تەمەنم دا كەم كەسم دیوە وەك كاك ڕەشید ئاوازە كوردییەكان بە رووحێكی تەواو ڕەسەن دەر بهێنێ" (لاپەڕە ٢٠). كاك ڕەسووڵ دەڵێ: "كاك ڕەشید لەو هونەرمەندە چالاكانەیە كە بە قەدەر دەیان كەس خزمەتی مۆسیقای كوردی كردووە ... گەلێ گۆرانی بێژی پێگەیاند"(لاپەڕە ٢١). كاك محەمەدیش دەنووسێت: "شێوەیەكی تایبەت بەخۆی لە كەمان ژەنیدا هەیە و ئەم شێوازە تەواو ڕەسەن و كوردانەیە" (لاپەڕە ٢٢).

من كەسێك نیم شارەزای مۆسیقا بم و جگە لە ڕێزی تایبەتم بۆ مامۆستا ڕەشید و ئەوەی كە راستەوخۆش ئاگاداری كار و خزمەتەكانی بە مۆسیقای نەتەوایەتیمان هەم، بۆچوونی ئەو بەڕێزانە و زۆرێكیتر لە شارەزایانی مۆسیقا - كە بە درێژایی ساڵیان بەرگوێم كەوتووە، وەك مۆرێكی ڕەسەنایەتی بەسەر كارە هونەرییەكانیەوە دەزانم و هیوای سەركەوتوویی زیاتر و تەمەنێكی دوور و درێژی بۆ دەخوازم.

خۆ ئەگەر مافێکیشم هەبێت، دەمەوێ لە پەیوەندی شیعری گۆرانییەکاندا بڵێم بریا مامۆستا رەشید و هونەرمەندانی دیکەی گەلەکەمان کە خۆیان بە دانانی ئاوازی نوێ و یا رێك خستنەوەی ئاوازە کۆنەکانەوە خەریك دەکەن، بایەخێکی زیاتریان بە شیعر و کەلامی گۆرانییەکانیش بدایە و لە جیاتی دووپات کردنەوەی دەیان جاری شیعرە فۆلکلۆرییە سوواوەکان، بەرهەمی خۆیان بدایەتە دەست شاعیرانی شیعری گۆرانی و بە یارمەتی ئەوان رۆحی سەردەمیان بکردایەتە بەر لەشی ساردەوەبووی گۆرانی فوۆلکلۆریی کوردی. ئێمە تا کەی دەمانەوێت تاقە فەردێکی فۆڵکلوریی لەگەڵ دەیان و سەدان گۆرانی بڵێینەوە لە کاتێکدا خۆمان بە نوێ کردنەوەی ئاوازەکەیەوە ماندوو کردووە؟ بواری شیعری گۆرانی لەناو گەلانی دیکە دا بوارێکی گرنگ و بە برەوە بەڵام فۆلکلۆر نەیهێشتووە نایەڵێت ئەو بەژنە لە ناو کورددا باڵا بکات.

عەلی عەبدی، "لە دڵمایە - ژیان و ئاوازەکانی رەشید فەیزنژاد"، لە چاپەمەنییەکانی بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی، چاپی دووهەم، سلێمانی ٢٠٠٦، ١٣٢ لاپەڕە، کوردی.

